# تاقە هیوایە

حەمەسەعید حەسەن

سەر و بنی زمانی هەر عولووجە (١)
وای بۆ دەچێ چالینگەر دوو، فڕووجە (٢)

بە قەولی ئەو کۆلارەیە، ئەپاچی (٣)
ئەوە نەبوو گوللەی بڕنەو دایپاچی!

تا بەخوڕتر لێیان بڕوا چەمی خوێن
بازاڕیتر هانا دەبا بۆ خوای جوێن

جێی سەرنجە شای کەناڵان: جەزیرە
زۆر سەرسامە بە فشەی ئەو وەزیرە

جەنەڕاڵی لم نەبووایە هەنووکە
زاری وەزیر هێلینێ بوو، بێ جووکە (٤)

لەنێو دڵما دەژی تاقە هیوایە
نەمردبام، مەرگی بەعسم دیبایە.

2003. 04. 01

(١) علوج: کۆی (علج)ە، کە بە گوێرەی المنجد بە مانای (کەری کێویی قەڵەو) دێت.
(٢) چالینگەر 2: باشترین تانکی بەریتانیایە.
(٣) ئەپاچی: چاکترین هەلیکۆپتەری ئەمریکایە.
(٤) هێلین: هێلانە.